## دەستوری یەکێتی ئەوروپا:

# پێشبڕکێ لەسەر دەستبەرداربوون لە دەسەلاٌتی و توانا.

سەردار عبدالکریم عبدالله -هۆڵەندا
Sardar24@hotmail.com

ئەگەرچی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو تۆزێ گۆڕانکاری پۆزەتیف بەسەر هەڵوێستی فەرەنسیەکان سەبارەت بە دەستووری تازەی ئەوروپا داهاتبوو،بەڵام لە ڕیفراندۆمەکەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو زۆرینەی هاوڵاتیانی فەڕەنسا سەبارەت بەم دەستووره بە"نا" دەنگیان بۆ دا. تائێستا کێرڤی"نا"دژ بە دەستوورەکە لە هۆڵەنداش بە هەمان ئاراستەیە و لە بەرزیدایە،لەدوا ڕاپرسیەکانی هۆڵەندا بەدیار دەکەوێ ئەوانەی بەنیازن هەر بەشداری لەڕیفراندۆمەکەی ڕۆژی چوارشەممەی 1ی حوزەیران نەکەن پێشتر ڕێژەیان 60% بوو ئێشتا بۆتە58%،ئەوەی دژ بەم دەستوورەشن بەنیازن بە"نا" وەڵامی ڕیفراندۆمەکە بدەنەوە ڕێژەیان لە 17% بوو ئێستا بۆتە 18% ،ئەوانەی ئامادەن بە "بەڵێ" دەنگ بدەن ڕێژەیان لە15% بۆتە لە14% ئەوانەی بە "نازانم" وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیان لە 11% بۆتە 12%.

لە هۆڵەندا حیزبەکان و سەرکردە سیاسیەکان کەوتوونەتە خۆ بۆ ڕاوکردنی دەنگە ئەرێنی و نەرێکان،کە بڕیارە بۆ ئەو مەبەستە ڕیفراندۆمێك لە ڕۆژی یەکی حوزەیران لە هۆڵەندا ئەنجام بدرێ.

دیارە دەنگدان بەنەرێ بە مانای دوا بڕیاری لێبڕاو نیە، جیسکار دیستان لەو بارەیەوە ووتی:"دەنگدان بە نەرێنی وادەکات جارێکی تر دەنگ بدرێتەوە،کە ئەمەش تاکە چارەسەر و ئەلتەرناتیفە بۆ ئەم کێشەیە،لە درێژەی قسەکانی بۆ تەلەفزیۆنی"ئێل.سی.ئی" ووتی: ئەم دەستوورە تایبەتە بە 25 دەوڵەت،مەسەلەیەکی ناوخۆیی فەڕەنسی نیە یان ئەگەر وڵاتێك ووتی"نا"بەو مانایە نایێ کەوا دەبێ لە وڵاتەکانی تریش بەرەنجامەکە بەهەمان شێوە بێ،بەڵام کاریگەری و قورسی ڕەتکرانەوەی دەستوورەکە بۆ فەڕەنسا و یەکێتی ئەوروپا لەوەوەیە،کە فەڕەنسا وڵاتێکی دامەزرێنەری مەزنە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی بچووکی وەك هۆڵەندا."ئەو پارتانەی لە هۆڵەندا لەگەڵ یاساکەدان،دەڵێن شتێکی مەترسیدارە ئەگەر بەرەنجامی ڕیفراندۆمەکەی هۆڵەنداش وەك فەڕەنسا بە"نا" تەواو بێت.

ئەگەرچی بۆندەرس ڕاد"ئەنجوومەنی سینات"ی ئەڵمانیا ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بە "بەڵێ"بۆ یاسای تازەی یەکێتی ئەوروپا دەنگیدا،پێشتریش لە نیوە زیاتری ئەندامانی بۆنسداگ "پەرلەمان" بە ئەرێنی ئەم یاسایەیان قبوولکردووە.بەمەش ئەڵمانیا بووە نۆیەمین وڵات لەو بیست و پێنج وڵاتەی یەکێتی ئەوروپا کە لەگەڵ یاساکەن.

دیارە ئەم دەستوورە کۆمەڵێك بڕگە و ماددەی تیایە هەر حیزبە و بەپێی لێکدانەوەی خۆیان کار بۆ پەسندکردن و نەکردنی دەکەن، تائێستا بەشی زۆری هاوڵاتیانی فەرەنسا واتە 55٪ ی لەگەڵ یاساکە نینە،حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاش دژ بەم دەستوورە تازەیەن،چونکە بە بڕوای ئەم حیزبە کۆمۆنیستانە ئەم یاسایە پاڵپشتێکە بۆ( عەولەمەی دڕندە) و بەهێزبوونی لیبراڵیەت و هێزە سەرمایەدار و پارتە ڕاستڕەوەکان و گەشەکدنی سوپایەکی بەهێز.

بۆئەوەی بتوانین لە هۆکارەکانی ڕەتکرنەوە و پەسندکردنی ئەم دەستوورە لای هۆڵەندییەکان بگەین،لێرە باری سەرنجی هەندێ حیزبی هۆڵەندیی سەبارەت بەم دەستوورە دەخەینە ڕوو:

CDA پارتی کریستیان دیموکرات کە ئێستا حیزبی حاکمە لەم وڵاتە،چل و چوار کورسی لە پەرلەمان"ئێرستێ کامر"هەیە،لەگەڵ ئەم یاسایە دایە،ڕای وایە لەسایەی ئەم دەستوورەدا هاوڵاتیانی ئەوروپا دەتوانن باشتر پێکەوە کاربکەن،خۆشگوزەرانی زیاتر دەستەبەربکرێ،لە شەست ساڵی ڕابردوو ئاشتی بەرەنجامی ئەم ڕێککەتنە بووە،لە ئایندەش ئاشتی و ئارامی زیاتر دەستەبەردەکات،ئۆتۆنۆمیەتی هەر وڵاتێك لە وڵاتەکانی سەر بەم یەکێتیە هەڕەشەی لەسەر نابێ،بەڵکو چالاکی هاولاتیان زیاتر دەبێت.

ChristenUnie پارتێکی بەرهەڵستکاری ناو پەرلەمانە و سێ کورسی هەیە،لەگەڵ ئەم دەستوورە نیە، دەڵێ:" بەڵێ" بۆ یەکێتی ئەوروپا،" نا" بۆ ئەم دەستوورە.

D66 دیموکرات66،پارتێکی بەرهەڵستکاری ناو پەرلەمانە و 6 کورسی هەیە،لەگەڵ ئەم یاسایە دایە، دەڵێ:ئەم یاسایە ئەوروپا زیاتر واڵادەکات،دیموکراتی باشتر گەشەدەکات،جیهان ئەمانتر دەبێت و بیرۆکراتیەت کەمتر دەبێتەوە،ڕۆلی ئەوروپا لە سیاسیەتی جیهانیدا زیاتر و کاریگەرتر دەبێ.ئەم حیزبە بۆ ئەم دەستوورە زۆر هاندەرە.

GroenLinks چەپی سەوز لەگەڵ ئەم دەستوورە دایە،بەباوەڕی ئەو ئەم دەستوورە دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دیموکراتیەت،باشە بۆ ژینگە،گرنگی باشتر بە پلانە دەرەکیەکانی ئەوروپا دەدات. ئەم حیزبە هەشت کورسی لە پەرلەمان هەیە،پارتێکی بەرهەڵستکاری چالاکە. بەم شێوەیە ڕیکلامە دەکات:"بۆ ئەوروپایەکی باشتر،بە بەلێ دەست پێبکە."

PvdA پارتی کار،حیزبێکی سۆشیال دیموکراتە،چل و دوو کورسی لە پەرلەمانی هۆڵەندا هەیە، گەورەترین پارتی بەرهەڵستکاری ناو پەرلەمانە،لەگەڵ ئەم یاسایە دایە،لای وایە ئەوروپا بەم دەستوورە زیاتر هەنگاو بەرەو سۆشیالستی دەنێ،ئەمانتر دەبێت،باشتر ئامادە دەبێ بۆ بەرەنگاری،زیاتر دیمکراتی دەبێت و کەمتر بیرۆکراتی.

LPF،پارتێکی ڕاستڕەوە،هەشت کورسیان لە پەرلەمان هەیە، دژ بەم دەستوورەن، دژ بە سوپەر وڵاتێکی ئەوروپیینە، دژ بە گواستنەوەی دەسەلاتەکانن بۆ لایەنی تر جگە لە هۆڵەندا، دژی ئەم نادیموکراتیەت و نەبوونی شەفافیەتن لە ئەوروپا،بە بڕوای ئەم حیزبە وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا وڵاتە بچووکەکان لووشدەدەن، بەمەش بنەماکانی دیموکراتیەت نامێنن؟! دژی ئەوەن هەنگاو بە ئاراستەیەك بنێن کەوا لە یاسا بنەڕەتیەکان دڵنیانین و لایان ئاشکرا نیە، دژی هاتنە ڕێزی تورکیان بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا.کەئەم دەستوورە ئاسانکاری بۆ دەکات.

SGP،پارتێکی ئاینی کریستیانی ڕاستڕەوی توندڕەوە،دوو کورسیان لە پەرلەمان هەیە،تائێستاش ڕێگا نادەن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا ژن دەنگبدات،دژ بەم دەستوورەن،لایان وایە هۆڵەندا کاراکتەری خۆی لەدەست دەدا،دەسەڵاتەکانی خۆی لە دەست دەدا،چونکە دەسەڵاتەکانی هۆڵەندا وەك وڵاتێك دەگوازرێنەوە بۆ لایەنی تر،واتە دەسەڵاتەکان بۆ وڵاتە مەزنەکانی ئەوروپا"لە بڕۆکسل" دەبێت،نەك بۆ بچووکەکان،بەها ئاینیەکانی مەسیحیەتیش لە سایەی ئەم دەستوورە تووشی هەڕەشە دێن،لەبەر ئەوەی ئەم حیزبە زۆر لە لیبڕالیەت و دیمکراتیەت دەترسێ،هەر هەنگاوێك بەم ئاراستەیە بە مەترسیە بۆ سەر بیر و باوەڕەکەیان دەزانێ.

SP پارتی سۆشیالیست،کە  پارتێکی چەپی کۆمەنیستن،هەشت کورسیان لە پەرلەمان هەیە، دژی ئەم دەستوورەن،بە بۆچوونی ئەوان ئەم دەستوورە هەموو دەسەڵاتەکان دەگوازرێتەوە بۆ بڕۆکسل،بۆیە دژ بەسوپەر وڵاتێکی ئەوروپان کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی" عەولەمەی دڕندە"، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی کاتژمێرەکانی کارکردن بە مووچەیەکی کەم، دژ بەم ئەوروپا مەزەنەشن کە لە سایەی ئەم دەستوورە دروست دەبێ، چونکە ئەوروپا بەم هەنگاوە دەبێتە خاوەن هێزێکی سەربازی بەهێز و زلهێزێکی زەبەلاح،لەو باوەڕەدان ئەم دەستوورە دەبێتە هۆی گەشەکردنی حیزبە ڕاستڕەوەکان و گەشەکردنی زیاتری سەرمایەدارەکان،دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی کۆمەك و هاوکارییەکانی حکومی بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت،دژ بەم دەستوورەن لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی خراپی هەڵسوکەت کردن لەگەڵ گیانەوەران. گرنگی نەدان بە بواری فێرکردن و دابەزینی ئاستی خوێندن.

یان ماریانیسن سەرۆکیSP دەڵێ:"ئەگەر ئێمە زۆر ئاگامان لە خۆمان نەبێت ئەوە هۆڵەندا بە تەواوی لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە،ئەگەر دەستووری تازەی ئەوروپا سەرکەوت،وادەکات"برۆکسڵ"ببێتە هەموو شت،ئەو کاتە مانەی وڵاتێك چیە بەبێ ناسنامە و ڕا؟ لەبەر ئەوەشە ترسییێکی تەندروست لای هەموو ئەوروپییەکان پەیدادەبێ."

VVD،پارتێکی لیبڕالە،بیست و هەفت کورسی لە پەرلەمان هەیە و بەشدارە لەکابینەی دووەمی باڵکەنەند لەڕێگای هاوپەیمانییەك لەگەڵ CDA ی حیزبی فەرمانڕەوا. ئەم حیزبە لەگەڵ دەستوورەکە دایە،لەو بڕوایەدایە کە ئەم دەستوورە دەبێتە هۆی زیاتر گەشەکردنی دیموکرتیەت،دەبێتە هاندەرێکی باش و گەرم و گوڕییەك بۆ زیاتر و چاکتر فۆرمەلە بوونی یەکێتی ئەوروپا و فراوانبوونی بواری کارکردن،زیاتر جێگیری لە نرخی دراو،زیاد بوونی ئەمان،بەهێزبوونی پلانەکانی بۆ گوونجان و پێکەوە ژیان "ئینتگراسی".

Groep Lazrak . ،یەك كورسیان لە پەرلەمان هەیە،لەگەڵ دەستوورەكەدان، دەپرسن بۆچیSP دژ بەم دەستوورەنە؟
Groep Wilders ،یەك كورسیان لە پەرلەمان هەیە،لەگەڵ دەستوورەكە دانینە،دەڵێن:"بۆ بە دەنگدانی خۆمان وڵاتەكەمان"هۆڵەندا" بكەینە هەرێمێك لە ئەوروپا. دەنگێك دژ بە دەستووری یەكێتی ئەوروپا بدە، واتە دەنگێت دژ بە كاریگەریە گەورەكانی تورك لە ئەوروپا و هۆڵەندا داوە. دروشمیان بۆ دژایەتی كردنی ئەم دەستووره ئەوەیە:"دەبێ هۆڵەندا وەك وڵاتێك بمێنتەوە."
خاڵی هاوبەشی لای ئەو حیزبانەی كە ئەم دەستوورەیان بەدڵنیە دەگەرێتەوە بۆ:
- لە دەستدانی ناسنامەی وڵاتەكەیان و گواستنەوەی دەسەڵاتەكان لە پایتەختی وڵاتەكانیان بۆ برۆكسل.
- سەركەوتنی شۆرشی عەولەمە و توانەوەی كەلتووری نەتەوەی لە نێو كەلتووری سەرجەم میللەتان. بەتایبەتی سودمەند بوونی توركیا لەم دەستووره.
- دەستوورەكە هەموو كەس نەیخۆێندۆتەوە و مادده و برگەكانی زۆر ئاشكرا نیە.
- گەشەكردنی لیبرالیەت و بەهێزبوونی سەرمایەدارەكان.
- بەهێزبوونی ئەوروپا و بوونی بەسووپەر وڵات وەك ئەمریكا لە سایەی بەهێزبوونی سوپا و توانا ئابووریەكەی.
- كۆمەكە حكومیەكان بۆ خەڵكی كەم دەرامەت كەمتردەبێتەوە و ئابووری بازارێكار گەشەدەكات.
- وڵاتە زلەكان بچووكوكان لووشدەدەن.
- دژایەتی توركیا و رازی نەبوون بە هاتنە ناو ئەم یەكێتیە.
- هاتووچوونی مانگانەی بەردەوام لە نێوان"برۆكسل- ستراسسبۆرگ"كە دوو بارەگای پەرلەمانی ئەوروپین.
ئەوانەی ئەم دەستوورەش پەسەنددەكەن خاڵە هاوبەشەكانیان بریتیە لە:
- فراوان بوونی بنكەی جەماوەری لە رێگای سەدان نوێنەرەوە لەناو پەرلەمانی ئەوروپیدا بەبەراورد لەگەل پەرلەمانی وڵاتەكان خۆیاندا وادەكات دیموكراتیەت بەهێز بێ و بیرۆكراتیەتیش كەم بێتەوە، مافی هاوڵاتیش لە دەستووردا باشتر دیاری دەكرێ.
- زیاد بوونی ئەمن و ئاسایش.
- فراوان بوونی بازاری كار و جێگەربوونی نرخی دراو.
- دنیا زیاتر بەرووی ئەوروپا واڵادەكات،رۆلی ئەوروپا لە سیاسیەتی جیهانی گەورەتر و چالاكتر و بەرچاوتر دەبێت.
- یەكێتی ئەوروپا باشتر بەرجەستەدەبێت.
- هاوكاری لە نێوان وڵاتانی ئەوروپی باشتر دەبێت.
- هۆڵەندا لە برۆكسل بەپێی ئەم دەستووره" مافی ڤیتۆ" هەیە.
- مافی پەناهەندەكان و پرۆسەی ئینتگراسی باشتر و ئاسانتر دەبێ.
پرسیاری گرنگ لەوە دایە بۆ حیزبە راستڕەوە توندڕەوەكانی وەكLPF وكۆمەنستێكی وەك SP یان حزبێكی ئاینی توندڕەوی وەك SGP لەسەر ڕەتكردنەوەی ئەم دەستووره كۆكن،بەمەرجێك تەواوی بەرنامەكانیان پێچەوانەی یەكترە؟!!
ئەوەی سەیرە لە سیاسەت لێرەدا ئەوەیە فرانسوا هۆلاندی سكرتێری" پارتی سۆشیالستی فەرەنسی" كە مەزنترین حیزبی بەرهەڵستكارە،زۆر بەتوندی دژی ئەو كەسانەیە لەگەڵ ئەم دەستووره دانینە و دەڵێ:"چەند جار چەپەكان هەڵەیان كردووە و رێگایان بۆ راستڕەوەكان چۆلكردووە تابێنە سەرحوكم .....باجیتر ئەم هەڵانە نەكەینەوە." لە هۆڵەنداش بە هەمان شێوە گەورەترین پارتی بەرهەڵستكار كە پارتی كارە لەگەڵ دەستوورەكە دانە،بەڵام ئەوە ناكەتە پێوەرێك بۆ سەركەتنی بلۆكی "بەڵێ"بۆ دەستوور بەسەربلۆكی"نا"بۆ دەستوور،چونكە ئەم دەنگانە دەنگی كەسانێك لەبرپاردان ئازادن دەنگیان دەنگی خۆیانە نەك هی حیزب و سەرۆكەكەی!!!